# گوڵبژێرێک لە هەڵبەستی فەلسەفی و نوێژەنی ئەڵمانی

خانمی/کریستینە ئالێرت ویبرانیتس
لە ئەڵمانییەوە/ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

خانمی **kristine Allert wybranietz** ، لە دایکبووی ساڵی **1955** و لە شاری( ئۆبێرنکیرشن) ی ئەڵمانیا دەژی. ئەو لە ساڵی **1973** وە دەنووسێت . لە گەلێک بڵاوکراوە و ئەنتۆلۆگیدا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. کە لە ساڵی **1980** دا پەرتووکی ( لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا) ی بڵاوکردەوە. لە دنیا و جوغزی هەڵبەستەوانیدا، جێیی سەرنج بوو و ناوی دەرکرد. ساڵی **1982** یش، کە (سڵاوەکانی خۆشەویستی) بڵاو کردەوە، ئەویش کەوتە جێی سەرنج و گرنگی پێدانی خوێنەران. ساڵی **1984** یش پەرتووکی ( ئەگەر هەروا ئاسان بایە) ی بڵاو کردوەوە. کە ئەویش سەرکەوتنی بەدەست هێنا.
ئەم گوڵبژێرە لە هەردوو دیوانی ( سڵاوەکانی خۆشەویستی) **و (لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا) وەرگیراوە.**
ئەوەیش بگوترێ کە بە زۆرێک لەم دەقە کورت و پڕ مانایانە دەوترێ؛( دەقی پێشکەشی). خەڵک بە بۆنەیەکەوە ئاراستەی یەکتری دەکەن.

***

## پەڕتووکی
## ( سـڵاوەکانی خۆشـەویـسـتـی)

( ئـازاد بیت)
ئـەو باڵندەیە ئـەتۆ دەبینیت
لـەوێکانـەدا..؟
کێ ڕێچکەکەی بۆ دیاری دەکا..؟
لێ، ئەو ئازادە...

ئەو ساتەی ئێمە، ئەمەمان دەوت
لەتەک بیستنی دەنگی تەقەدا
لە ئاسمانەوە، بەربۆوە و کەوت
*

( ئازادی)
زۆرێک لەو باوەڕەیدان
کە ئازاد بن.. تەواو ئازاد
لێ چونکە ئەوان
هەرگیز خۆیان
لە بەرزایی ئەو جێگەوە
نەدیتووە
کە بەستروانەوە!
*

( دۆستایەتی ڕاستەقینە)
گەر ناچار بیت کە بڕۆیت و
دۆستەکانت جێبهێڵیت
پێدەچی کە
بە 1000 کیلۆمێترێکیش نێوانتان بێت
بەڵام ئەمە وەها نییە
لە دڵدا کیلۆمێتر نییە
*

( خۆشەویستی و..)
خۆشەویستی و خو پێوە گرتن
باوەڕ و نرخ لێگرتن
ئەوەیە
هەموو لە دووی دەگەڕێین و

وا چاوەڕێین
لە مرۆڤەکانی ترەوە
بەرەو ڕوومان ببێتەوە
بەڵام ئەوە هەر خۆشمانین
خەڵکی دی لێ بێبەش دەکەین
*

( خۆ پاکردنەوە )
دەمەوێت جار جار
هەر وەک جانتایەک، خۆم هەڵتەکێنم
ئەو هەموو شتە بێکەڵکانەی
بە درێژایی کات، قورسیان کردووم
هەڵبووەرێنم
باقییەکی ڕێکخەم
تاکو بە سووکی
لە چاوەڕوانی
ڕۆژی تردا بم
*

( لێچاوەڕێ کردن )
ئەوەی کە خەڵکی لێتی دەخوازێ
دەکاری بیکەیت،گەر خۆت دەتەوێ
لەبەروەی خۆ تۆ ئۆتۆماتیک نیت
هەرکەس بەزەیی پێتدا هاتەوە
ئەنگوست بە دوگمەی ـ بەزەیی ـ دا بنێ
کێ گوێت لێبگرێ
ئەنگوست بە دوگمەی ـ گوێگرتن ـ دا بنێ
کێ کەیفخۆش بێ
ئەنگوست بە دوگمەی ـ خۆشحاڵی ـ دا بنێ

کێیش هەر بێدەنگە
ئەنگوست بە دوگمەی ـ بێدەنگی ـ دا بنێ
ئەگەر بە وەها کەسانێ گەشتیت
لێگەڕێ دوگمەی ـ پەکی کەوتووە ـ
سوور سوور داگیرسێ !
*

(خۆشەویستی)
خۆشەویستی ئائەوەیە
پێکەوە بەسترابێتنەوە
بەڵام بێ زنجیر
*
(شانسێک بە خۆت بدە)
شانسێک بە خۆت بدە و
تۆوەکان لە عەلاگەکەدا مەهێڵەوە و
بیانچێنە
لێ، تۆ لە زەوی ڕەق دەترسیت؟
بەڵام دەتووانیت
بە کار و کارامەیی و خواست
زەوی خۆشەویستی
ئامادە بکەیت
*
(هەڵبەستی خۆشەویستی)
لە لێواری مەزراکەدا دەنیشتبووین
هەردووک بە جووت
ساتێ گوڵە حاجیلە پشکووت
سەرم بەسەر شانتەوە بوو

گوێم لە جریوەی باڵندەکان و
گیزەی هەنگان بوو
چیژم لە تیشکی خۆرەکە و
با نەسیمەکە وەردەگرت
نەیشم دەویست لە وەرینی
گوڵە حاجیلە هیچ ببیستم
*
(جێگە بۆ خۆشەویستی نییە)
لە کوێدا تۆوی خۆشەویستی
بچێنم؟
لە ساتێکدا،
زەوی کۆمەڵگا هەردەم
بۆ خۆشەویستی، بێبەرهەم دەبێ؟
ئەوە چ جۆرە ژیانێکە
مرۆڤ بکارێ
هەر شت بچێنێ و وە بەرهەم بێنێ

تەنیا ( خۆشەویستی) نەبێ؟
*

(خەمی خۆشەویستی)
دەرمانفرۆشەکە،( حەب) ی بۆ
سەر ئێشە
دان ئێشە
سک ئێشە
هەیە.
تنۆکی بۆ
ئازاری گوێ

ئازاری پشت
ئازاری برین
هەیە.
هەتووانی بۆ
ژانی ماسولکەکان و
جومگەکان
هەیە.
بەڵام لەوەی ڕادەمێنێ
کاتێ پرسیاری لێدەکەم:
ئەی چی بۆ چارەی ئازاری
هەمیشە پڕ لە تاسەی
ئەم ( دڵ) ەم هەیە؟!
*

(هەڵە)
بە هەر لایەکدا
خۆم وەرچەرخاند،
تەنیا بەلای خۆمدا نەبێ
*

( بۆ خۆشەویستیی ڕابردوو)
مرۆڤ جارجارە
بە هەموو هێز و تووانای خۆیەوە
بە قولاپەکەوە
دەستی توووند دەگرێ
بێئەوەی باوەڕ بەوە بهێنێ
لەمێژە ـ ماسی ـ دوور کەوتۆتەوە
*

( یادی پڕ لە خۆشەویستی )
یادی پڕ لە خۆشەویستی
یادێک لە تۆ
لە باوەشتا ڕاکشێم و
لێ بشزانم
کە ناتووانم بمێنمەوە
نوقمی چاوەکانت ببم و
لێ بشزانم
دەبێ هەر بێمەوە دەرێ
لە لاتەوە بخنکێنم و
لێ بشزانم
کە پێی نامرم
خۆمیشت بۆ بکەمەوە و
لێ بشزانم
کە دزیم لێ ناکرێ
ئەوە هەر دەبێ
- خۆشەویستی - بێ
*

( بیر لە پێکەوە ژیان )
ئەو وێنەیەی
لە ژوورێکدا هەڵواسراوە
زۆر جار سەرنجت لێداوە
پێت ئاشنایە لە گشت لاوە.
ئەو مرۆڤەی
لەمێژە لە تەکیا دەژیت
زۆر جار سەرنجت لێداوە
شارەزای حەزەکانیشیت.

دەکرێ بۆ ماوەیەکی زۆر
بەلای چەپدا وێنەکە هەڵبواسیت
هیچ گۆڕانێک دروست نابێت.
بەڵام چونکەی
مرۆڤ هەردەم
لە گۆڕان و جووڵەدایە
بۆیە پێویستە کە هەردەم
لەژێر سەرنج و چاودێریدا بێ
*
(بۆ ئەو کەسەی بە خۆشەویستییەکەی ڕاهاتووم)
سەرەتا ئەستێرەیەک بوویت
لە ستێرەکانی ئاسمانم
لێ نهاکە بوویتە مانگم
مانگێک بە هێزێکی زۆری
بەرەو خۆ ڕاکێشانەوە
*
(....)
وەسفی هەست ناتووانرێت بکرێ
تەنیا دەدرێ
بەڵام ئەویش نەک هەمیشە
بەڵکوم بەهۆی
شەرم و ترس و
بەئاگایی و دڵدانەوە و
نائەمینی
خۆ ئەگەر من بمتووانیبا
ـ هەست ـ م بە پۆستی خێرادا
بە دانی پولی ـ هاتنەوەیش ـ
بۆ دەناردی
چونکەی هەرگیز

مرۆڤ نازانێ چیدەبێ

*

(پێکگەیشتن)

زۆر لە خەڵکی
تەنیا بەرەو پێش دەڕوانن
چونکەی ئەوان
پێیان وایە
ئەو کەسەی ئەو
پشتی پێوە داوەتەوە
بە قەد دووری
خولێکی دەووری گۆی زەوی
لێوەی دوورە

*

(...)

تۆ لەگەڵما
ئاوازەکەت دەوتەوە و
ڕایشت وابوو
کە بە دڵتە
بەتێپەڕبوونی کاتیش
چەند بڕگەت کردە مۆسیقا
بەڵام هەرگیز
لە ناوەڕۆکی دەقەکەم
تێنەگەشتی

*

(کەناس)

ماڵەکە پاک دەکەمەوە
ڕێکی دەخەم
پاک ڕایدەگرم
چەنکەی لە زبڵی ڕۆحی تۆ بەرپرسیارم

بۆیە زۆر جار
گسک لە پاشماوەی پەیوەندیەکانیشمان
دەدەم
هەتا منیش بەکاوێخۆ
دەبمە زبڵ
*
(ترس لە ژیان)
ئەگەر تۆ دوێنی
لەوە ترساویت کە ئەمڕۆ
بۆ تۆ
هێجگار باش نییە
ئەوا ئەمڕۆکەیش
ژینت باش نابێ
چونکەی تۆ ترست
لە سبەینێ هەیە
*

* * *

پەڕتووکی
(لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا)

(......)
لە گۆڕستاندا، گۆڕ دەبینم
بە گوڵ و گژ و گیا،ڕازاونەتەوە
لێگەڕێن با گۆڕم بڕاکێ
تا لە ژیاندام، گوڵم بدەنێ
*

(تەنیایی)
کاتێک هەست بە تانیای
دەکەم
لە گەڕان بە دوای دەستێکەوە
مشت بەرەورووم دەبێتەوە!
*
(لە هەمبەر مردنەوە)
هەندێک بە تامپۆنی ئۆتۆمبێل دەمرن
هەندێک بە هۆی نەخۆشییەوە
هەندێک بە هۆی زوڵمێکەوە
هەندێکیش بەهۆی بێهێزیی پیرییەوە
هەندێکیش بە دەستی خۆیان دەمرن
خراپترین مردن، بەڵام ئەوەیە
بەهۆی نەبوونی
(خۆشەویستی) ەوەبێ!
*
(لە ژیانەوە)
ئەو شتانەی
بۆ خۆشحاڵی ژیانمان
پێویستمان پێیە
سنووردارن
کەچی ئێمە بە بێ سنوور
مەرج و خواستی خۆشحاڵیمان
هەر زیاد دەکەین
ئینجا شکات
لە بەدبەختی خۆمان دەکەین
*
(بێدەنگی)
من نازانم

گاڵتە بوو یاخود بەڕاستی
کە لێت پرسیم:
شەو خەونم پێوە دەبینی؟
کە وتم نەء درۆم نەکرد
چونکەی بە ڕۆژ
من خەونت پێوە دەبینم
*
(هەڵبەستی شادومانیی خۆشەویستی)
من تۆم خۆشدەوێ
بەڵام جارجارەیش پێویستە کەوا
لێت دووركەومەوە
خۆ تۆیش دەزانی
کەوا ناتووانی
هەردەم لە لام بی
بەخواسپاردنیش
مانای جێهێشتن بۆ هەمیشە نییە
یەک بینینەوەیش
مانای هاتنەوەی هەمیشەیی نییە
لێ خۆشتمدەوێ
بۆیە حەزدەکەم
لەتەکدا بژیم و
خۆشەویستی بکەم
*
(...)
تۆ هەرگیز بە جێیەک ناگەیت
ئەگەرەکو ڕێنەکەویت
هیچ دەرگات لێناکرێتەوە
هەزار جاریش باسی بکەیت
ئەگەر لە دەرگاکە نەدەیت

*

گوڵەکان سەرما بردنی هەموو
ئەوان هیوایان بە بەهار بوو
گەرما و تیشکیان پێبدات زوو زوو
چونکەی بۆ ژیان پێویستیان پێ بوو
کەسێکیش لە سەرمادا مرد
ئەویش هیوای بە ئێمە بوو
خۆشەویستی و گەرمی بدەینێ
چونکەی لە ژینا پێویستی پێی بوو
*

( پۆشاک)
بۆ ئەوەی ئێمە سەرمامان نەبێ
لەشمان بە بەرگ باش دادەپۆشین
بەڵام بۆچ هەستمان، وا دادەپۆشین
ساتێک بشزانین، سارد دەبینەوە؟
*

(ڕەوشت)
هەستەکانیش، دەبێ ڕێکخرێن
هەر وەک چۆن؛
چەقۆ و کەوچک و چنگاڵ
دوور لە یەکتری و
بەجیا دادەنرێن
*

(هەڵبەستی خۆشەویستی)
دەمەوێت کە من بۆ تۆ گوڵێک بم
کە هێشتا نییە،
لە هەموو کەش و هەوایەکیشدا
هەمیشە جوان
هەمیشە بۆندار

هەمیشە تازە
بەڵام وا جار جار لەویێکانەدا
خونچە و پەلکم لێهەڵدەوەرێ
دەشچەمێمەوە
کەچی تۆ ئاوها منت خۆشدەوێ!
*
(شەیدا)
وشەکانت
هەوێنەکانت
هەروک دەنکە ـ تۆو ـ و
دەکەونە دڵمەوە
هەستی پێدەکەم کە لە دڵمدا
گەشە دەکەن
*
( لێکبەردان)
ساتێک یەکترمان لەباوەش گرت
دەمانویست هەرگیز،یەکتر بەرنەدەین
بەڵام نەخێر،
کە دەستەکان و لێوەکانیشمان
لێک ترازان
مانای وا نییە، لێکدابڕاوین
*
(شەوی زستان لە پەنجەرەوە)
بەفری کپ و نەرم لە دەرەوە
بە بانەکانی شارەوە
خەو دەیباتەوە
وە باهۆزەکەی ناخیشم
بەسەر دیوارەکاندا،گڤەی دێ
لێ، بەفرەکە دەتووێتەوە

بەڵام باهۆزەکەی ناخم،
کۆتایی نابێ
*
(لەمەڕ خۆشەویستییەوە)
گەر خۆشەویستی هەبووایە
شتی دیمان پێویست نەبوو
لێ،نەک ئەو خۆشەویستییەی
بە هەڵقەی دەست و گوڵەباخ
دەری دەبڕین
نەخێر،ئەو خۆشەویستییەی
وەک زەردەخەنە لە هەوادا
بە بێ وشە
کارگەری خۆی بەجێدێڵێ
*
(وەهایش ساویلکە)
کە دوور کەوتیتۆ، بانگم لێ کردی
پێتدام بەڵێنی، خۆشەویستی
وەک بیسەلمێنی کە درۆ ناکەی
رۆژی داهاتوو، بە نێرەرێکدا
ناردت گوڵەباخ
کە نێرەر منی خەرقی گوڵان کرد
بەڵام دڕکەکان،منیان زامدار کرد
*
(مەیل)
دەمەوێ بەرەو تۆهەڵفڕم
بەڵام وا پەروانەکانم
بەر بەردی ترس کەوتن و
تێکشکێنران
دەمەوێ دڵت بدۆزمەوە

بەڵام لە ناو چڕی تەمی نا ئەمینیدا
سەرلێشێواو دەخولێمەوە
دەمەوێ دەستمت لێ بدەم
بەڵام مۆڵەتی نیشتنەوەم،لە لا نییە
چونکەی بورجی شەرمەکان
ڕێ چۆڵ ناکا
بەڵام گەر ڕۆژێک گەیشتم
پێتدەبەخشم
گەرمی و خۆشەویستی
یان تۆ بڵێیت
بە هەوای تیژی دڵشکاوی
سارد ببمەوە و هەڵبلەرزم؟
*

(بۆ خۆشەویستییەکی ڕابردوو کە هێشتا نەکوژاوەتەوە)
خۆشەویستیمان دەنکە گەنمێکە
ڕەگی لە زەوی پێکەوەبووندایە
هەر بۆیەش کەمتر یەکتر دەبینین
چونکەی نازانین
ئەو چڵە ناسکە، پەروەردە بکەین
*

(...)
ژیانی مرۆڤ
وە پەیوەندییەکان
وەک گەڵاکانن
کە بە بێدەنگی دەکەونە خوارێ
تۆیش کە ناتووانی
ڕێگا لە کەوتنەخوارەوە بگری
*

(بۆ دۆستێک)
ئەگەر لای من
گشت مۆمەکانی بوێریم
بکوژێنەوە
بێشک هەر تۆی
کە دەمدەیتێ شقارتەیەک
هەتا ڕووناکی ئاواتم
هەڵکەمەوە